سەید حەکیم: سیانەی مێژوویی ئابووری کە بریتین لە بەڵیندەران و جوتیاران و فەرمانبەران چەرخی ئابووری بەجووڵە دەخات

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت سەردانی بارەگای سەندیکای ئەندازیارانی عێراقی لە پارێزگای بابل کرد و چاوی بەکۆمەڵێك ئەندازیارانی سەر سەندیکاکە کەوت، سەماحەتی گوتی ئەندازیاری کاریکی گەشەپێدانە و تەواوبوونی کاری هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە پەیامێکی چاکبوونەوە بۆ عێراق و دانپێدانان لە جیهان وسەفکرد، پاشان گوتی ئەندازیار بڕبڕەی پشتی پڕۆژەکان و ئاوەدانکردنەوەیە و داوای کرد پاڵپشتی ئەندزیاران بکرێت بۆ ئەوەی کوالیتی پرۆژەکان باشتر بکرێت.

بەڕێزیان داوای مۆدێرنکردنی ئامرازەکان و هاوسەنگ بوونی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کەرتی بیناسازی و بوارەکانی تر و کرد لەگەڵ کارکردن بۆ بەکارهێنانی گونجاوی کەرەستەی بیناسازی، ڕوونیشیکردەوە کە سەردانەکەی بۆ لای ئەندازیاران پەیامێکی بایەخ پێدانبوو بوو بۆیان، هەروەها ئاماژەی بە پێویستی بەڕێوەبردنی دروست لەکاتی قەیرانەکاندا کرد، هاوکات لەگەڵ گرنگی بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان و پاڵپشتیکردنی بەڵێندەران لە تەواوکردنی ئەرکەکانیان، هەڕوەها جەختی لەسەر پێویستی دڵنیابوون له پێدانی باج به جووتیاران و فەرمانبەران کردەوە ، بەلەبەر چاوگرتنی ئەو ڕۆڵه چارەسەرەتایەی ئەم سێ قەواره دەیگێڕێت له هاندانی ئابووری و بەردەوامبوونی پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوە و دابینکردنی هەلی کار و گەیاندنی خزمەتگوزاری به هاووڵاتیان.

لەکۆتاییدا بەڕێزیان ئاماژەی بەوەدا، کە عێراق کاریگەری ڕووداوەکانی ناوچەکەی لەسەر بووە و ستایشی هەنگاوی وەزارەتی دارایی کرد لە تەرخانکردنی بەشێک لەو پارەیە بۆ بەڵێندەران، کە بەشدارە لە بەردەوامبوونی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان...